لە بەشی دووەمی ئەم بابەتەماندا ئاماژەمان پێدا لە کوردستاندا ڕوویداوە و ئیمپراتۆریەتی ماد زەمینەسازکەری بووە ، بەهەرحال خاڵێکی گرنگی خستنەڕووی ئەم جۆرە باسانە و گوزارشتکردن لە بیروباوەڕی کۆمەڵگای کوردی لە هەر سەردەمێکدا و لە ئامێزگرتنی هەر ئایینێك خۆی لەخۆیدا دەرخستنی واقعی ژیان و بیرکردنەوەی تاکی کوردە بە پێی ئەو قۆناغە و زەمینە مێژوویەی کە تێدا ژیاوە.

## سەر چاوەکان:

١- کەیوان ئازاد ئەنوەر ، مانیزم ، چاپی یەکەم ، بلاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ، سلێمانی ، ٢٠٠٤.

٢- میهردادی ئیزەدی ، ئایین و تایفە ئایینییەکان لەکوردستاندا ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: کامەران فەهمی ، بلاوکراوی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی ، ن ، ك) ، سلێمانی ، ٢٠٠٢.

٣- شوان عوسمان مستەفا ، کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٢.

٤- کەریم زەند ، ئایین لەکوردستاندا ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ١٩٧١.

٥- م. رافیدە عەبدوڵلا ، محازەرەی مێژووی ساسانی ، بەشی مێژوو ، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٣ ـ ٢٠٠٤.

★ بزووتنەوەی خورمیەکان لە سەردەمی عەباسییەکان لە سەردەمی خەلیفە مأمون و موعتەسەمدا سەریهەڵدا لە ناوچەی ئازربایجان و بە سەرکردایەتی (بابەکی خورەمی) ، کە لە هەندێك لە بیروبۆچوونەکان لە مەزدەکییەوە نزیکبوون ، فەرمانڕەوای تورك (ئەفشین لە سەردەمی خەلیفەی موعتەسەم بە لەشکرێکی زۆرەوە توانی ئەم جووڵانەوەیە خەفە بکات.



# ئاکارەکانی کاری راگەیاندن و ئازادیی رادەربڕین

نووسینی: د. هاشم حسێن
مامۆستای فەلسەفەی راگەیاندن لەزانکۆی بەغداد و سەرۆکی رێکخراوی پارێزگاری لەئازادییەکان

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: رەحمان عەلی رەمەزان

## پێشەکی:

لەم چەرخەدا هزری راگەیاندن و پسپۆرەکانی راگەیاندن رووبەرووی گرفتێکی بنەڕەتی دەبنەوە، کە پێش هزری فەلسەفی رووبەرووی بووەتەوە، بەهۆی کۆنی ریشەکانیەوە و زانیاری کۆمەڵناسی بەهۆی لەپێشی توێژینەوەکانیەوە و قوڵی پەیڕەوەکانیەوە بەپێوانە لەگەڵ تازەی زانیاری بەیەکگەیشتن.

مەبەستمان لەوە (هەردوو گرفتی سەربەستی و رەوشت) کە گرێ دراوە راستەوخۆ بەکرداری راگەیاندنەوە لەهەموو ئاستەکانیدا شاراوەیە، پێویستە گرنگەکان واپێویست دەکات، کە چوارچێوەیەك بدۆزرێتەوە لەهێما ئاکارییەکان بۆ دیاریکردنی



یاساکانی رەفتاری رۆژنامەگەری‌و لەچوارچێوەنانی نامەکانیان بەواتاو چەمکی ئازادی، کە چوارچێوەی هزری‌و یاسای هەبێ یان فەلسەفەی راگەیاندنی ئاکاری ناسراوی هەبێ، گرفتی ئازادی بێگومان لەپێشووترین گرفتەکانی فەلسەفە و گرێیاویەکانیانن، توێژەرەوەکان لەدێر زەمانەوەو ئێستاش بیرمەندانی ئەمرۆ کفت و بێدار دەکات وەك پێشتر فەیلەسوفەکانی یۆنانی والێکردووە، بەراستی ئەم گرفتە وەك فەیلەسوفی ئینگلیزی (بەین) وتوویەتی: (ئەو میتافیزیکەی کە زەنگ دایپۆشیوە لەهەموو لایەکەوە دایخستووە، بەلام گرنگییەکی نوێی بەدەستهێناوە لەفەلسەفەی هاوچەرخدا، بەشێوەیەك کە بکرێ بتوانرێت بەکلیلی هەمووگرفتە فەلسەفییەکان بژمێردرێن.

## گرنگی بابەتەکە:

گرنگی لێکۆڵینەوەی گرفتی رەوشتییەکان و بانگهێشت بۆ پێویستی پشتبەستن بەبەڵێنی شەرەفی بۆ کاری راگەیاندن دەردەچێت بۆ بەستنەوەی چەمکی ئازادیی رادەربڕین پەیوەند بەمرۆڤ بەباری تاکی و کۆمەلایەتی بەچەمکە ڕەوشتییەکانی، بەهۆی ئەم پەیوەندیە لەنێوان ئازادیی رادەربڕین و پێویستە رەوشتییەکان دەردەری خاڵی گرنگی پێدانی هاوبەشن، ئەمانەیان ناو دەهێنین:

★ ئازادیی رادەربڕین بەمافێکی سروشتی مرۆڤ دەژمێردرێت، کە هەموو رێساکانی ئاسمانی و دانراو دانی پێدەنێن، مرۆڤ



بەتێپەڕبوونی هەموو قۆناغەکانی مێژوو و لەزۆرترین کۆمەڵگا داخراوەکاندا رووبەرووی بەربەستبوون لەپیادەکردنی ئەو مافە سروشتییە، کە هەندێکیان دەسەلات سەپاندوویانە و هەندێکیان پەیوەندییان بەبەربەستەکانی کۆمەڵگا خۆیەوە و بەربەستە خۆییەکان.

★ پێویستی تێگەیشتنی ئەو مافە و رێزبەندی کردنی لەدەستور و یاساکانی ناوخۆی و سەرچاوەی ئەم مافە بەجیاوازی رێکخراوەکان و گەلاڵەکردنی لەبەڵێنی راگەیاندن، جەختکردن لەسەرئەوەی کە ئازادیی رۆژنامەوانی و هۆیەکانی راگەیاندن کارپێکردنێکی زیندووە بۆ ئازادیی رادەربڕین و ئامانجەکانی، هەروەها هۆیەکە بۆ پاراستنی ئازادییە گشتییەکانی کۆمەڵگا.

★ چەمکی ئازادیی رۆژنامەوانی بەوابەستە بەچەمکی روونیەوە و مافی خەڵك و ئاگابوونی لەزانیارییەکان لەرێگای هەموو هۆیەکانەوە و لەپێشیانەوە مافی دەسکەوتنی لەراگەیاندنی بێلایەن و دادپەروەری هەڵقولا و سەربەست لەزانیارییەکان لەرێگای ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لەهۆیەکانی بەیەکگەیشتن و تەکنیکەکانی لەگەڵ دەرکەوتنی سەدەی بیست و یەکەم گرفتی بەجێهێنانی راگەیاندنی ناهاوسەنگ دەرکەوت و خراپ بەکارهێنانی ئازادی لەهۆیەکانی راگەیاندن، بەهۆی دیارنەبوونی چاودێری میری‌و سەرچاوە رەوشتییەکان بۆ لای کارکەران لەپیشەکەدا، کە بووەتە هۆی زیان گەیاندن لەبەرژەوەندی گشتی و شکاندنی هەڵوێستی تایبەتمەندی راکردن لەپێناو دەسکەوتنی